سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی ئەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەرئەچێت

20 September 2018
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 10
ساڵی یەکەم 20 ئەیلولی 2018

# مامۆستایەکی فیزیا لە هۆڵەندا: باوەڕم وایە ١١ ی سیپتەمبەر هێرشێکی تیرۆریستی ئیسلامی نەبووە..!

وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە: موزەفەر جەعفەر

مامۆستایەکی فیزیا لە شاری زوتفنی هۆڵەندا، هەفتەی پێشوو لە وانەکەی خۆیدا بە قوتابیەکانی گوتووە، باوەڕم وایە کارەساتی ١١ ی سیپتەمبەر هێرشێکی تیرۆریستی ئیسلامی نەبووە..! بۆچوونی ئەم مامۆستایە (یان ئەلێرت)، مامۆستا لە شاری زوتفن هەڵایەکی زۆری، لە لای دایک و باوکی قوتابیەکان ناوەتەوە و ڕۆژنامەکانی هۆڵەنداش ئەم باباتەیان زیاتر وروژاندووە، بە تایبەتی ڕۆژنامەی Algemeen Dagblad، کە لە ڕیپۆرتاژێکی ڕۆژنامەوانیدا تیشکی خستۆتە سەر بۆچوونی ئەم مامۆستایە و کاردانەوای دایکان و باوکانی خستۆتە ڕوو. یان ئەلەرت کە مامۆستای یەکێک لە قوتابخانەکانی شاری زوتفنی هۆڵەندایە، هەفتەی ڕابردوو پاش دەربڕینی بۆچوونێکی لە کەشێکی قەرەباڵغدا دەربارەی ١١ی سێپتێمبەر، دەنگدانەوەیەکی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا لە ناوەندە مێدیایی و لۆکاڵیەکانی هۆڵەندا.

یان ئەلەرت لەکاتی پێشکەشکردنی وانەی فیزیا بە قوتابیەکانی"، گوتی پێموایە کە یانزەی سێپتێمبەر هیرشێکی تێروریستی ئیسلامی نەبووە و پەیوەندی بە موسوڵمانانەوە نییە". بێگومان بۆچونێکی وا لە یەکێک لە ناوەندە ئەکادیمیەکانی هۆڵەندا و بۆ قوتابیانی ناوەندی جێگای سەرەنج و هەڵوەستە لەسەرکردنە. بەڵام هۆکارەکانی دەربڕینی ئەم بۆچوونە هێشتا ڕوون نیە، کە ئایا بۆچی ئەو مامۆستایە، ئەم بۆچوونەی دەربڕیووە لە سەربنەمای چ ئارگۆمێنت و بەڵگەیەک...؟ بەرپرسانی قوتابخانەکە هێشتا دەربارەی ئەو بابەتە قسەیان لەگەڵ (یان) نەکردووە. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە وەک مامۆستایەک لە ناوەندەکانی خوێندندا بۆ قوتابیانی



گەنج و روژاندنی ئەم بابەتە هەستیارە، بەڵام وەک گوتارێک بۆ گفتوگۆ و تویژینەوە و وەک بۆچونێکی تایبەتی خۆت ئاساییە. گوتەکانی ئەم مامۆستایە بۆ قوتابیەکی وەک یەیکایی چواردە ساڵانی کچی فەیدرا جێگای سەرسوڕمانی زۆر بوو، فایدرا دایکی یەیـــکا

گۆشەنوسە لە یەکێک لە بڵاوکراوە ناوخۆییەکانی ئەو شارە. دەڵێ: "بۆ من جێگای سەرسوڕمانی زۆر بوو، کاتێک کچەکەم ئەو چیرۆکەی بۆ باسکردم، کە لە قوتابخانەکەیان ڕوویداوە" هەروەها فەیدرا پێیوایە، کە ناوەندەکانی خوێندن و مامۆستاکان دەبێ شتی باشتر و گرنگتر فێری منداڵان بکەن نەوەک لەو جۆرە چیرۆکانە. سەرەڕای ئەوەی کە بۆچوونەکەی یان ئەلەرت دەنگدانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، هەروەها لای دایک و باوکی قوتابیەکانیش بوو، بەجێگای پرسیار و مشتومڕ و لە تۆرەکۆمەڵایەتیەکانیش بە هەمان شێوە بوو بە جێگای پرسیار..! ئایا یان ئەلەرت پشتی بە چ تیۆرییەک بەستوە دەربارەی بۆچونەکەی..؟ بەڵام یان ئەلەرت دەربارەی ئەو باسە نایەوێ قسەی زیاتری لە بارەوە بکات.

# بڵاوکراوە کوردییەکان و یادەوەرییەکی سەرەتای هەشتاکان



نوسینی بەختیار شەمەیی- ئەمستردام

سەرەتای هەشتاکان، بەگشتی پەڕتووکی سیاسی و مێژوویی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بە زمانی کوردی کەم بوون. بەتایبەتی لە تاراوگە هەر زۆر دەگمەن بوون. هەر بۆیە کاتێک ئەو چوار پەڕتووکەم پێگەیشتن، (کورد، مینۆڕسکی – ژیانی کوردەواری، تۆمابوا – کچانی کورد و ژیانی ئافرەتی کورد، هی خوالێخۆشبوو نوسەری دانیمارکی هێنی هەڕۆڵد هەنسن بوون)، زۆر دڵخۆش بووم و زۆر بەلامەوە بێوێنە و دەگمەن بوون. بە وردی و سەرنجەوە، چەند جارێکم خوێندنەوە. ئەو جۆرە پەڕتووکانە بۆ ئەوکاتە زۆر بایەخدار و گرنگ بوون و سوودی زۆرم لێوەرگرتن. پاشان هاوبیر د. کوردۆی نەمر لە نەمساوە بەرگی یەکەمی پەڕتووکی (داغستانی من)ی نوسەری ئاڤاری، ڕەسووڵ حەمزەتۆف–ی بۆ ناردم. ئەو بەرگی یەکەمی داغستانەشم چەند جارێک خوێندەوە. بەڕاستی پەڕتووکێکی ناوازە و گرنگ بوو. زۆر چێژ و سوودم لێوەرگرت. دوابەدوای ئەوانە، هەر دیسان هاوبیر کوردۆ، چەند ژمارەیەکی گۆڤارەکانی کاروان و بەیان و ڕۆشنبیری نوێی بۆ ناردم. لەڕاستیدا جگە لەو پەڕتووک و گۆڤارانە و چەند نامیلکە و بڵاوکراوەیەکی کوردیی ڕێکخستنە کوردی و کوردستانییەکان، ئیتر هیچ بڵاوکراوەیەک و چاپەمەنییەکی کوردیم لانەبوو، هەربۆیە دەتوانم بڵێم:




ئەو چاپەمەنیانەی ئەوکاتە، لەباری ڕۆشنبیری و فەرهەنگییەوە دیسانەوە توندوتۆڵ، بەستمیانەوە بە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و سیاسی و فەرهەنگیی کوردستانەوە. جگە لەمانە، ئیتر هیچ پەڕتووک و گۆڤارێکی ترمان لە کوردستانەوە پێنەدەگەیشتن. ئیتر پاشان هەندێک گۆڤاری کوردی، چ مانگانە و چ وەرزانە یان ناوبەناو لە سوید و ئەڵمانیا و ئینگلتەرا و ئەمەریکاوە دەردەچوون و پێمان دەگەیشتن. لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەدەم: وەک (چریکەی کوردستان لە لەندەن دەردەچوو، کە خوالێخۆشبوو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سەرپەرشتیی دەکرد.– هەڵوێست لە لەندەنەوە کە سەباحی غالیب سەرپەرشتیی دەکرد – مامۆستای کورد لە سویدەوە کە فەرهاد شاکەلی سەرپەرشتیی دەکرد– خەرمانە لە سویدەوە کە حەمەسەعید حەسەن سەرپەرشتیی دەکرد – ڕابوون لە سویدەوە کە ڕەفیق سابیر سەرپەرشتیی دەکرد– پەیڤ لە لەندەنەوە کە کەمال میراودەلی سەرپەرشتیی دەکرد – سەردەمی نوێ لە سویدەوە خوالێخۆشبوو مامۆستا کەریمی حیسامی سەرپەرشتیی دەکرد– گزینگ کە لە سوێدەوە خوالێخۆش بوو هێرش چیرە سەرپەرشتیی دەکرد– بارزان لە ئەمەریکاوە – یەکگرتن لە دانیمارکەوە، هەڵکەوت عەبدوڵڵا سەرپەرشتیی دەکرد– گۆڤارێکیش بەناوی (ڕێگای ئاشتی و سۆسیالیزم) لە یەکێ لە وڵاتە سۆسیالیستەکانی ئەو سەردەمەوە، مانگانە بڵاو دەبووەوە و ئەوانیشم پێدەگەیشتن. ئەو گۆڤارە بابەتی سۆسیالیستی و مارکسی و سیاسیی زۆر تێدا بوو، زۆربەشیان وەرگێڕان بوون، بەگشتی بابەتەکانیم زۆر پێخۆش بوو، درێخیم لە خوێندنەوەیان نەدەکرد. شایانی باسە، هەتا ئێستا زۆربەی زۆری ئەو گۆڤارانەم لای خۆم پاراستوون. لە ئەڵمانیاشەوە گۆڤارەکانی (دڕک و سەکۆ و یەکبوون و سۆسیالیزم یان بەربەری و .....هتد) دەردەچوون و پێمدەگەیشتن. هەروەها گۆڤاری (هیوا لە پاریسەوە کە ئینستیتووتی کورد لە پاریس دەریدەکرد، مەڵبەند کە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کورد لە لەندەن دەری دەکرد، ئەوانەشم پێدەگەیشتن.(جا ئێستا کە بەراوردی ئەو سەردەمە و ئەم سەردەمە دەکەم، جیاوازییەکان ئاسمان و ڕیسمانن. لە کۆتاییدا نامەوێت ئەم نوسینە درێژتر بکەمەوە. بەهیوای ئەوەی لە دەرفەتێکی تردا بچمەوە ناو باسوخواسی ئەو بڵاوکراوە و ڕووداوانەی ڕابووردووەوە.

پەڕتووک = کتێب، ئێمە وەک ستافی تاراوگە پێمان باش نییە وشەی پەڕتووک بەکاربهێنین، بەڵام وەک ئازادی نوسەر وشەکەمان وەک خۆی دانایەوە.

**تاراوگە بڵاوکراوەیەکە** دەنگ و ڕەنگی هەموو کوردانی تاراوگەیە، بەبێ جیاوازی ئینتمایی سیاسی و حیزبی، هەموو زانیاری و ئاگاداریەک و بابەت و هەواڵی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هونەری بڵاودەکاتەوە، لە ئێستادا بە شێوەی ئەلەکترۆنی بڵاودەبێتەوە، تاراوگە بەرپرسیار نییە لە ناوەڕۆکی نوسین و ئینتمای سیاسی نوسەری بابەتەکان.

# نوسینە مرواریەکانی بەکر شوانی




بەکر شوانی– ئەڵمانیا



لە ڕۆمانی "من ناوم سووره"وە:

گێڕایانەوە و گوتیان: سەردەمانێک لە شیراز پادشایەکی پیر و کەنەفت و ڕاڕا هەبووە. لەبەرئەوەی زراوی تۆقیوە دوژمنەکانی لە تەخت بیهێننە خوارەوە و کوڕەکەی بخەنە شوێنی، شازادەی خۆی ناکات بە والی و ڕەوانەی ئەسفەهانی ناکات؛ بەڵکو لە ژوورێکی گۆشەی کۆشک زیندانی دەکات. شازادە سی و یەک ساڵ لە ژوورێکدا بە زیندانکراوی بەسەردەبات، حەوشە و باخچەی لێوە دیار نابێت و لە ناو کتێباندا گەورە دەبێت. دوای ئەوەی وادەی باوکی دێت و دەمرێت، ئەم هەر ئەوەندەی لەسەر تەخت دادەنیشێت، دەڵێت: "دەستم بە دامێنتان، ئەسپێکم بۆ بهێنن، چونکە بەردەوام نیگاریم لە کتێبەکاندا دیوە و بەپەرۆشم بزانم شتێکی چۆنە؟" جوانترین ئەسپی بۆزی کۆشک و سەرای بۆ دەهێنن، پادشای نوێ کاتێک دەبینێت کونی لووتی ئەسپەکە لە دووکەڵکێش دەچێت، قوونێکی بێئەدەب و کەفەڵێکی قەبە و تووکێکی پێوەیە وەک تووکی ئەسپی ناو نیگارەکان نادرەوشێتەوە، تووشی خەیاڵشکان دەبێت و دەستوور دەدات هەرچی ئەسپی وڵات هەیە، بکوژرێت. ئەم هەڵمەتە دڵڕەقانەیە چل ڕۆژی تەواو دەخایەنێت تا وای لێ دێت دواجار خەم و خوێن بە چۆمەکانی وڵاتدا سەردەکەن. پادشای نوێ، وەک بەرئەنجامی دادپەروەریی یەزدان لەبەرامبەر سوپای بەگی تورکمانی قەرەقۆیونلوی دوژمنی بە پیادەیی دەمێنێتەوە و دەبەزێت، پاشان لەتوپەت دەکرێت و دەکوژرێت بۆ ئەوەی کەس دڵی لە خۆی دانەمێنێت و وەک ئەوەی لە کتێبەکاندا هەیە، نەگوترێت تۆڵەی خوێنی ئەسپ نەکرایەوە.

# لە یادی دوو ساڵەی کۆچی دوایی شاعیری تورکی مرۆڤدۆست ویداد تویرکالی




لە یادی دوو ساڵەی کۆچی دواییدا

سڵاو بۆ ڕوحی نوسەر و شاعیری تورکی مرۆڤدۆست ویداد تویرکالی (١٩١٩–٢٠١٦)...

"بۆ ئازادی، وتارەکانی کورد" یەکێک لە کتێبەکانی تویرکالییە و تایبەتە بە وتار و نوسین و دیمانەکانی وی دەربارەی گەلی کورد و دۆزەکەی ...

تویرکالی لە شیعرێکدا دەربارەی کورد دەڵێت:

Kavgaları kavgamız
Özgürlükleri özgürlüğümüzdür.
Devlet zulmuyle acılara batmış
kardeş Kürt halkından,
bir Türk yazarı olacak,
özürler dileyerek

بە کوردی:

تێکۆشانی ئەوان تێکۆشانی ئێمەیە
ئازادیی ئەوان ئازادیی ئێمەیە.
بە هۆی ستەمی دەوڵەتەوە نوقمی ئازارن
نوسەرێکی تورک پەیدا دەبێ
داوای لێبووردن لە گەلی کوردی برا بکات...

# دانیشتوانی کەرکوک لە ساڵی ١٩٤٧دا



لەم ڕۆژانەدا بەکتێبێکی پڕ لە زانیاری بەسوددا دەچوومەوە، کە کاک هۆشیار بەکر عەزیز لە سەر گەڕەکی شۆرجەی کەرکوک ئامادەی کردووە. ڕستەیەک سەرنجی ڕاکێشام کاتێ ئاماژە بە وتەی نوسەرێکی تورکمان دەکات کە درۆیەکی زلی لە بارەی شۆرجەوە کردووە گوایە لە سەرژمێری ساڵی ١٩٤٧دا ناوی ئەو گەڕەکە نەهاتووە. ئەم جۆرە وتانە بەشێکن لەو هەڵمەتە فراوانەی ناسیۆنالیستانی توندڕەوی تورک و عەرەب بەرپایان کردووە گوایە کورد لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە لە ئاواییەکانەوە ڕوویان لە شاری کەرکوک کردووە و بەر لەوە هەر نەبوونە یا لە باشترین حاڵەتدا زۆر کەم بوونە. ئەم قسانە بۆ ئەوە دەکرێن گوایە کەرکوک شارێکی تورکمانی بووە و هاتنی بەلێشاوی کورد و دواتریش عەرەب سیمای شارەکەی گۆڕیوە. هەندێکیان بەبێ ئاگایی یا مەبەست شتی زۆر سەیر و سەمەرە لە بارەی ئەم شارە و پێکهاتەی دانیشتوانەکەیەوە دەڵێن. جارێ بەر لە هەر شتێک ناوی شۆرجە لە سەرژمێری ١٩٤٧دا وەک یەکێک لە گەڕەکەکانی کەرکوک هاتووە و ژمارەی دانیشتوانەکەی ٢٣٦٥ کەس بووە، کە بۆ ئەو سەردەمەی کەرکوک شۆرجەی دەکردە یەکێک لە گەڕەکە گەورەکانی شار. جارێکی تر بەئامارەکانی سەرژمێری ١٩٤٧دا چوومەوە و لەوێوە هەندێ ژمارەتان لە بارەی پێکهاتەی دانیشتوانەوە بۆ دەخەمەڕوو. یەکێک لەو فاکتەرانەی وایکردووە شتی نادروست لە بارەی دانیشتوانی ئەو سەردەمەی شاری کەرکوکەوە بوترێت ئەوەیە کە ئامارەکان دانیشتوانیان بە پێی ئاین پۆلێن کردووە نەک ئەتنیک، واتا باسی کورد وعەرەب و تورکمان لە ئارادا نیە، بەڵکو باس باسی موسوڵمان، کرستیان و جو و ئاینەکانی دیکەیە. ژمارەی دانیشتوانی قەزای ناوەندی کەرکوک بە گوندەکانی بەشیر، تازە، یایچی، تسن و تۆپزاوا و ٨٣ ئاوایی ترەوە بەپێی ئامارەکانی ئەو سەرژمێرییە ٩١٥٨٢ کەس بووە، واتا ڕێک ئەوەندی ژمارەی دانیشتوانی ئێستای گەڕەکی شۆرجە. ئەگەر دانیشتوانی ئاواییەکانی سەر بە قەزای ناوەند لە ژمارە گشتییەکە دەرکەین، ئەوا ژمارەی دانیشتوانی شاری کەرکوک تەنها ٦٩٥٢٦ کەس بووە. لەم ژمارەیە ٥٨٦٥٤ کەسیان موسوڵمان بوونە و ٦٧١٥ کرستیان و ٢٨٧٣ جولەکە و ٦٠ کەسیشیان سەر بە ئاینەکانی دیکە بوونە، کە ئەمانەی دوایی واتە کرستیان، جو و ئەوانی دیکە هیچیان تورکمان نەبوونە. ڕاستییەکی دیکە کە زۆر جار بەمەبەست پشتگوێ دەخرێت ئەوەیە کە لە کۆی ئەو ژمارەیەی دانیشتوانی شارەکەش ٢٢٧١٢ کەسیان هەر بەپێی ئامارەکانی سەرژمێرییەکە لە دەرەوەی لیوای کەرکوک لە دایکبونە و دواتر هاتوونەتە کەرکوک. لە تەک ئەوانەدا ١٤٩١ کەسیش لە دەرەوەی عیراق هاتوونەتە دونیاوە، کە ژمارەیەکی بەرچاویان لە تورکیا لە دایکبوونە و بەهەموو پێوەرێک دەبێت پاشماوەی تورکی عوسمانی بووبێتن. ئەگەر ئەم ژمارەیە دوای نەمانی دەسەڵاتی عوسمانی بەبیست ساڵ ئەوندە بووبیتن، ئەی دەبێت ژمارەی نەوەکانیان چەند بووبێتن و چەندێن لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا کۆچی دواییان کردبێت؟. ئەم ژمارەی دانیشتوان کە لە درەوەی لیوای کەرکوکەوە هاتوون بە هۆی دەرکردنی نەوت و گەشەکردنی پیشەسازی نەوتەوە بووە چونکە دەرفەتی کار و پەیداکردنی بژێوی ژیان لە کەرکوک لە هەموو شارەکانی دیکەی ئەو سەردەمەی عێراق باشتر بووە. لە کۆتاییدا دانیشتوانە ڕەسەنەکەی کەرکوک تەنها ٤٦٨١٢ کەس بوونە و لەمانەش وەک لە سەرەوە



نوسینی دکتۆر جەبار قادر

ئاماژەی پێکرا، نزیکەی دەهەزاریان موسوڵمان نەبوونە، بۆیە دەبێت لە ٣٨ هەزارەکەی دیکەدا بۆ تورکمان و کورد و عەرەبی ڕەسەنی شارەکە بگەڕێین. بە پێی هەموو پێورە دیمۆگرافییەکان ژمارەی ئەوانەی کە لەو کاتەدا بە تورکمانی قسەیان کردووە، کە مەرج نیە بە ڕەچەڵەک تورکمان بووبێتن، لە پازدە هەزار کەس زیاتر نەبوونە. هەڵبەتە ئەم ژمارەیە بۆ ئەو کاتە دەیکردە ڕێژەیەکی بەرچاو لە دانیشتوانی شار، ئەگەر باڵادەستی زمانی تورکمانی بەهۆی دەسەڵاتی پێشووی عوسمانییەوە لە بازاڕ و دەزگاکانی دەوڵەتدای بخرێتە سەر، ئەوا ڕێژەکە زۆر بەرچاوتر دیار دەبێت و هەر ئەمەشە وای لە چاودێران و گەڕیدەی بیانی کردووە باس لە سیمای تورکامنی دانیشتوانی شار بکەن. لە ساڵانی لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە هەرچی گەشەی دیمۆگرافی لە کەرکوک ڕوویداوە بەپلەی یەکەم بەقازانجی عەرەب بووە و دوای ئەوانیش کورد، واتا لە هەردوو حاڵەتەکەدا لە سەر حیسابی ژمارە و ڕێژەی تورکمان بووە. کۆچی کوردان لە ئاواییەکانی کەرکوکەوە بۆ ناو شار پرۆسە و دیاردەیەکی سروشتی سەدەی بیستەمین بووە. کەرکوک کە لە هەموو عیراق و تەنانەت دەرەوەی عیراقیشەوە خەڵکی ڕاکێشاوە، زۆر ئاساییە دانیشتوانی گوندەکانی خۆی، کە ٩٠٪یان کورد بوونە، بۆ ناو شار ڕابکێشێ. ئەمە دیاردەیەکی تایبەت بە کەرکوک نیە، بەڵکو لە هەموو شارەکانی کوردستان، عیراق، ڕۆژهەڵات و بگرە دونیاش ڕوویداوە. هیچ شارێکی کوردستان، عیراق و ڕۆژهەڵات پێش پەنجا ساڵ ژمارەی دانیشتوانی چواریەکی و بگرە هەندێ جار دە لە سەدی ئێستا نەبووە. ئەم باسە هەویرێکە ئاوی زۆری دەوێت و ئێرە جێگەی نیە، بۆیە تەنها ئەوەندە دەڵێم کە ئەو درۆ و پڕوپاگاندانە هیچ لە ڕاستییەکانی مێژوو و جوگرافیا ناگۆڕن.

سەرچاوە:

المملكة العراقية، وزارة الشوؤن الإجتماعية، مديرية النفوس العامة، إحصاء السكان لعام ١٩٤٧، الجزء الثاني، لواء الموصل– لواء كركوك– لواء السليمانية– لواء أربيل، بغداد ١٩٥٤.

# ئەوینی گەنجیی



بەر لە٦٠شەست ساڵ لەیەکتر جیابوونەوە، ئێستا "روت" هاوسەرگیریی لەگەڵ خۆشەویستە مەزنەکەیدا دەکات .بەهۆی هۆکارێکی دیاریکراو کاتی خۆی پاش ئەوەی ساڵێکیش بەیەکەوەبوون جودابوونەوە،چون "رۆن" نەیویستووە دەست بەرداری ناو و ناوبانگ و پیشەکەی خۆی بێت وەک گۆرانیبیژ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز یەکەمین خۆشەویستەکەی لەبیرنەکردووە،مانگی رابردوو رۆن داوا لەئەوینە مەزنەکەی "روت" دەکات کەشووی پێ بکات.

کۆتایی ساڵی ١٩٥٠ رۆن و روت بڕیاریاندا و دەبوو ماڵئاوایی لەیەک بکەن، ئەوان لەڕێگای کارەکەیانەوە یەکتریان ناسیی و یەک ساڵیش بەیەکەوە ژیان، ئەودەمی روت ١٨ساڵ و رۆنیش ٢٣ساڵ بوو، ئەو بڕیارەشیان بۆیە دا تاکو،رۆن وەکو سترانبێژ بەردەوام بێت لە چالاکییەکانیدا، کە تازە دەستیپێکردبوو لەنێو گەشتی پاپۆڕەکاندا ئاهەنگی سازدەدا و زۆربەی کاتیش لە ڕێگادابوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پەیوەندییەکەیان بەکۆتابێت، لەبەرئەوەی زۆر کەم یەکتریان دەدی، ئیتر وازیان لەیەک هێنا هەریەکە و بەڕێگایەکی جیاوازدا گوزەری کرد، بەڵام دڵەکان وا بەئاسانی لە یەکتر دوور نەکەوتنەوە، هەتا گەر سوودەکانیش لەدژی بووبن. کاتێ "رۆن ئۆڤن" وەک گۆرانیبێژێک و لەژێر ناوی" رۆنیی رای" لەناو کەشتی و پاپۆڕەکاندا لە ڕێدا بوو. "روت هۆلت"یش شوودەکات.

روت هۆلت ئێستا ٧٩ ساڵە و دوو کوڕ و چوار نەوەی هەیە، ئەو لەگەڵ هاوسەرەکەی لە عەرەبستانی سعودی و هیند ژیاوە، بەڵام بیست ساڵە لەویش جیابۆتەوە و گەڕاوەتەوە بەریتانیا، وەکو سکرتێر کاریکردووە و هیچ پەیوەندییەکیتری لەگەڵ کەسیدیا نەبەستووە، بەمدواییەش لە شوێنێک لە شێوەی خەڵوەتگای پیری دەژیا، بەر لە چوارمانگ خوشکی بەمیوانی دێتەلای و بۆی باسدەکات، کە لە کۆنسێرتێک بووە گۆرانیبێژێکی زۆرباشی لێ بووە بەناوی" رۆنیی"، روت پرسیار دەکات: "رۆنیی رای؟"جا کاتێ خوشکەکەی بە بەڵێ وەڵام دەداتەوە، ئیدی ئەو پیاوەی سەرشانۆ گڕی ئەوینەکەی هەمدیس دادەگیرسێنێتەوە، دەم و دەست دەچێتە لای لیندای سەرپەرستیارەکەی و داوای لێدەکات کە ئەو پیاوە ببینێت گەر بێت و خۆی بێت،لینداش دەڵێ:

بەڵێ خۆیەتی ئەوە:"رای ئۆڤن"ە.

روت دەگێڕێتەوە، کاتێ یەکترمان بینییەوە دوای زیاتر لە٦٠ شەست ساڵ وامان هەستکرد، کە هەرگیز لەیەک جودا نەبووینەتەوە، روت بۆ



موزەفەر عەزیز

ڕۆژنامەی دەیلی مەیل، دوای ئەو هەموو ساڵە هەر بیرم لێدەکردەوە. ئەوە بوو لە ٢٠١٤ەوە بەردەوام یەکتریان دەبینیەوە "دوای سێ مانگ بووبووینە باشترین هاوڕێ و خۆشەویستیی یەک، رۆن وایدەگوت و پاشان بەیەکەوە لەخانوویەکدا دەژین. رۆن دەیگوت: بەر لە شەش هەفتە سەیری"تی ڤی"مان دەکرد، رووی خۆم وەرگێڕا و سەیرێکی ئەوم کرد و لێم پرسی: "شووم پێدەکەی؟". روت هێندەی نەمابوو لەسەر قەنەفەکە بەربێتەوە، بەڵام بە ئاشکرا گوتی:بەڵێ، ئینجا لە مانگی سێبتێمبەر بەپەنجا میوانەوە، کە خزم و ئاشنا و هاوڕێیەکانیان بوون، دەبوو ئاهەنگەکە دەستپێبکات. رۆن لەبەرئەوەی یەکەمجار بوو، پێشتر هەرگیز هاوسەرگیری نەکردبوو، هێندێک شڵەژابوو. من لەسەر شانۆ بۆ ١٠٠٠ هەزارکەس گۆرانیم چڕیوە هەرگیز وا نەپەشۆکابووم، بەڵام ئێستا ئەوە دەکەم لەوەوپێش هیچ نەمکردووە "ئەو تەنها گۆرانیبێژ نەبوو، بەڵکو وەک ڕێنیشاندەری گرووپێکی توپی پێش لەهەردوو شاری نۆرڤیش سیتی و فوولهام، چوارساڵیش بەڕێوبەری گەشتی پاپۆڕ بووە، بۆیە خێزانداریی لەوکاتەداو ژیان لەگەڵ خانمێک، کە هەردەم خۆشی ویستووە، لەلای وەک یارییەکی منداڵانی لێدەهات.

سەرچاوە:–سایتی نیۆن.


ئیتر زۆرجار کەعەقڵ بڕیار دەدات، ڕەنگە پێ لە جەرگ و دڵ بنێت، بەڵام ژیان هەمیشە دنیایەکی سەیرە و دەشێت بەختەوەریی جارێکی دی بگەڕێتەوە.

به سوپاسەوە لە ئەکاونتی تایبەتی نوسەرەوە وەرگیراوە

# ڕۆمانی (١٩٨٤) ی (جۆرج ئۆرویل)، پێم وایە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە ترسناکە بۆ ئێمە زۆر گرنگە ..!


## بەشی یەکەم

عەبدولغەنی کاکۆ




ئۆرویل سیستەمێکی سیاسی دێنێتە بەرچاوی خوێنەر، کە تیایدا سەرکردەی وڵات هێندە گەورە کراوە، گەیەنراوەتە پلەی پیرۆزی، بە جۆرێک هیچ کەسێک بۆی نیە ڕەخنەی لێ بگرێ، ڕەخنە لێگرتن واتە خیانەتی گەورەی نیشتیمانی، کە دەبێ بەر نەفرەت و تورەیی حیزب بکەوێ. کەچی لەم ڕۆمانەدا سەرکردەی وڵات هەرچی بکات، بە کاری نیشتیمانی و مێژوویی بەرز بۆی لە قەڵەم دەدرێت. ئازادی تاکەکەس لەناو ئەم سیستەمە هێندە بەرتەسک کراوەتەوە، کەهەموو بوونەوەرێکی جیاواز لە ئایدیۆلۆژیای حیزب دوژمنی سەرسەختی وڵاتەو دەبێ سەریان پان بکرێتەوە، ئایدیۆلۆژیای حیزبیش تەنیا بریتییە لە ملکەچی ڕەها بۆ سەرکردە، بۆ هزری سەرکردە، بەبێ پرسیارکردن، بەبێ ڕەخنەگرتن. حیزب ئەندامەکانی خۆی وەها ڕاهێناوە هەر هەمووی ببن بە جاسووس و خەفیە لەبەرامبەر کەسانێک کە گومانیان لێ بکرێ تۆزقاڵێک لە بازنەی ملکەچی رەها چوونەتە دەرەوە و پرسیاری گوماناوییان لە خەیاڵدا دروست بووە وەک ئەوەی ستراتیجی حیزب تەنیا ئەوەبێت بەدوای کەسە ناحەزەکانی خۆیدا بگەڕێ... ئەم ڕۆمانە یەکێکە لە بەناوبانگترین ڕۆمانەکانی سەدەی ڕابردوو، هەروەها نموونەیەکی زۆر بەرزی ئەدەبی دیستۆپیە و بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی ئەمڕۆی دونیا وەرگێڕدراوە. ئەم ڕۆمانە لەلایەن نووسەری بەناوبانگ(جۆرج ئۆرویل)ەوە نووسراوە. ئۆرویل (١٩٠٣–١٩٥٠) لەم ڕۆمانەدا لە مەترسی قەیرانی دەسەڵاتداریێتی دەدوێت و زەنگی مەترسی لێدەدا بۆ گیرۆدەبوونی مرۆڤایەتی بەدەست سیستەمی دیکتاتۆری جیهانگیر کە لە هەوڵی چەسپاندن و فراوانکردنی دەسەڵاتی سیاسی کار لەسەر پلیشاندنەوەی بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی بکات. ئۆرویل ساڵی ١٩٤٨ ئەم ڕۆمانەی لە ئینگلتەرا نوسیووە و بڵاوکردۆتەوە، هەڵبەتە پێشتر ڕۆمانی دیکە بەم ڕێچکەیە نووسراون کە وێنای دیستۆپیا بکەن لە داهاتووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و ئۆرویلیش لەژێر کاریگەری ئەوانەی پێش خۆی ئەم ڕۆمانەی نووسیوە، بەڵام ئەوەی ئەم ڕۆمانە لەوانەی پێش خۆی جیا دەکاتەوە وە ئاست و سەلیقەی بەرزی ئەدەبییە، هەروەها ئۆرویل لەم ڕۆمانەدا هێندە وەکو ئەوانی پێش خۆی لەڕووی فەنتازیاوە بەرزەفڕ نیە ، ئەم هاتووە بە زمانێکی زۆر جوانی ئەدەبی پڕ لە وەسف و وێناکردنی ورد مامەڵەی لەگەڵ ڕەگەزە ڕیالیستییەکانی ژیان کردووە. ئۆرویل باس لە ساڵی ١٩٨٤ دەکات واتە باس لە سی و هەشت ساڵی داهاتووی دوای نووسینی ڕۆمانەکەی دەکات کە لە دونیای ئەوکاتەدا چ جۆرە سیستەمێکی دیکتاتۆری جیهانگیر سەرهەڵدەدا و چۆن هەموو توانایەکی ئابووری و سیاسی دەوڵەت لە پێناو خۆچەسپاندن و بەکۆیلەکردنی تاکەکانی ناو ئەو سیستەمە دەخاتە کار، هیچ ترووسکەیەکی ئازادی بۆژیانی تاکەکەس ناهێڵێتەوە و هەوڵ دەدات هەموو مافێکی سروشتی مرۆڤانەی لێ زەوت بکات، تەنیا تاکە مافێک کە پێی ڕەوا ببینێ مافی ملکەچ بوون و ملدادان بێ بۆ هەموو خواست و ویستەکانی دەسەڵات.

کوشتنی ئازادییەکانی تاکەکەس: ئەم ڕۆمانە باس لە دیستۆپیایەک دەکات کە لەلایەن سیستەمێکی تۆتالیتاری دیکتاتۆرو چڵێسەوە بەڕێوە دەبرێ. لەوێ هەموو شتیک لەژێر کۆنترۆڵی دەزگاکانی چاودێری دەوڵەتدایە، چاودێری کردن و کاری خەفیەیی بەسەر تاکەکانی ناو ئەو دیستۆپیایە سنووری ئەوەی بەزاندووە کە تەنیا لە ڕێگەی سیستەمێکی تەکنۆلۆژی کە لەوێ ناوی (تەلەسکرین)ە، ئەنجام بدرێ، بەڵکو ئەوە بۆتە بەشێک لە ڕەفتاری تاکەکان، چونکە حیزب لەوەتەی لەم سیستەمە دەسەڵاتدارە هەمیشە بەم چەشنە کار لەسەر پەروەردەکردنی مرۆڤەکان دەکات.




ئامێری تەلەسکرین هەموو گۆشەکانی ژیانی خەڵکی تەنیوە، لە شوێنی کار لەماڵ و لە قوتابخانە لەسەر شەقام و لە کووچەو کۆڵاندا لە هەمووشوێنێک هەلس و کەوت و قسەو ڕەفتاری خەڵک لەژێر چاودێریدایە، نەوەک کەسێک بە ئاستەم قسەیەک بکات یان بیر لەشتێ بکاتەوە جیاواز بێت لە بەرنامەی حیزب یان دژی سەرکردەی مەزن بێت. تەنانەت حیزب هەوڵ دەدات ناو مێشکی خەڵکیش لەڕێگەی شیکردنەوەی بزاڤی جەستەو جووڵەی ڕوخساری مرۆڤەکانەوە کۆنترۆڵ بکات، بۆیە خەڵک زۆر ئاگاداری خۆیانن، نەوەک بزەیەک، یان خەمبارییەک لەسەر دەم و چاویان بە جۆرێک ڕاڤە بکرێ کە تۆمەتی دژایەتی حیزب و دەوڵەتی بۆ بهۆنرێتەوە. حیزب لەڕێگەی زیاتر دەست بەسەرداگرتنی ئازادیەکانی خەڵک تەنانەت سنوور بۆ ڕەوشی سێکسی خەڵکیش دادەنێ، سێکس بۆی هەیە خۆشەویستی لە نێوان دوو مرۆڤدا دروست بکات، بۆیە دەبێ دژایەتی بکرێ، چونکە هەموو خۆشەویستیەک دەبێ ئاراستەی سەرکردەی مەزن بکرێ، بۆیە ئەندامانی حیزب دەبێ دژی ڕەفتاری سێکسی بن، لەم لایەنە حیزب کە خۆی بەم چەشنە نیشان دەدات کەچی لەهەمان کاتدا هەر خۆی نامیلکەی سێکسی بەناو کرێکارانی کارگەکاندا بڵاو دەکاتەوە گوایە ئەمانە شتی قاچاغن و دەوڵەت ئاگاداریان نیە(1)، ئامانجیش لەمەدا ئەوەیە کە لە ڕێگەی بە زیندوو ڕاگرتنی ئەو غەریزەیەوە بیری خەڵک کۆنترۆڵ بکات کە خەیاڵیان بۆلای یاخی بوون و ڕەخنەگرتن نەچێ لە حیزب و سیاسەتی دەوڵەت، تەنانەت حیزب دەیەوێ لەڕێگەی پیتاندنی دستکرد منداڵ بەرهەم بهێنێ کە لەوێدا بە زمانی حیزب ناو لەم ڕێگایە نراوە (هونەرسام–2)(Kunstsam) تا بەم هۆیەوە ڕێگە لەو خۆشەویستیەش بگیرێ کە لەناو خێزاندا دروست دەبێ، خۆشەویستی تەنیا دەبێ بۆ سەرکردەی مەزنی حیزب بێت، منداڵیش تەنیا دەبێ بۆ حیزب بەرهەم بهێنرێت.

## هونەرمەند ئەکرەم سلێمان کێیە...؟



لە ساڵی ١٩٦٩ لە گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لە دایک بووە.
دەرچووی بەشی شانۆی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدای ساڵی ١٩٨٧–١٩٩١ە.
دەرچووی ئەکادیمیای هونەری هۆڵەندا ساڵی ١٩٩٩–٢٠٠٠ ە.
کارە هونەرییەکانی لە کوردستان:
شانۆگەری گوڵی بەهار هات – سلێمانی ١٩٨٥.
شانۆگەریەک لە بەغدا ساڵی ١٩٨٧.
شانۆگەری الف رحلە و رحلە بەغداد–میسر ١٩٨٨. کۆی کارە هونەرییەکانی لە کوردستان و وڵاتانی دەروووبەر ١١ شانۆگەرییە و لە هۆڵەنداش نزیکەی ١٣ کاری هونەری بەرهەم هێناوە، وەکو کاری دۆکۆمێنتەری و فیلمی هەلوهۆڵەند ئەندامی کۆمەڵەی سیناریۆ و دەرهێنانە لە هۆڵەندا و ئەمساڵ ٢٠١٨ بەفەرمی لە ئەکادیمیای هونەری Maastricht لە هۆڵەندا بروانامەی ماستەری وەرگرتووە لە هونەر، ماستەرنامەکەی لەسەر ئەو ئەزمونەی، کە زیاتر لە ١٧ ساڵە کاری بۆ دەکات Doc Theater discussies جێی خۆشحاڵیە کە لەلایەن ئەکادیمیای هونەری Maastricht ەوە بە فەرمی پەسەند کراوە.
ئێمە وەک ستافی بڵاوکراوەی تاروگە، بەگەرمی پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە هونەرمەندی شانۆگەری و فیلمسازی کورد ئەکرەم سلێمان دەکەین، بۆ بەدەتهێنانی ئەم بروانامەیە، داوای تەمەندرێژی و تەندروستی باش و سەرکەوتنی زیاتری بۆ دەکەین.


# توندوتیژی ناوخێزان و تاوانی شەرەف لە کەلتورە دواکەوتووەکاندا

## هونەرمەندی کورد ئەکرەم سلێمان
## شانۆگەریەک دەربارەی توندوتیژی لە لاهای پێشکەش دەکات




توندوتیژی ناوخێزان و تاوانی شەرەف تا ئێستا لەو گرفتانەیە، کەوەک تابوو، پەردەی بەسەردا دراوەتەوە و باسی لێوەناکرێت. لەودیو دەرگا داخراوەکانی ناو خانەوادەکان ڕوودەدەن، بە جۆرێک لە زۆربەی کەلتورە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگەدا بوونی هەیە، هونەرمەندی دەرهێنەری کورد (ئەکرەم سلێمان) خاوەنی فیلمی (هەلوە هۆڵەند)، سیناریۆی بۆ ئەم شانۆگەرییە نوسیووە و ڕۆژی 23-09-2018 لە شاری دەنهاخ کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ لەم ناونیشانەی خوارەوە نمایش دەکرێت:
Wijkcentrum Bouwlust
Eekhoornrade 215, 2544 VS Den Haag
هاتن بۆ هەموانە و چوونە ژوورەوە بە خۆڕاییە.
بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنانەوە بکە:
0623739300, 0652534346

## هەر جارەی هونەرمەندێکی کورد



حەمەسەعید باپیر

(حەمەسەعید عیسام عارف)، لەبواری هونەریدا بە (حەمەسەعید باپیر) ناسراوە، ڕۆژی١٩٥٩/٧/١١لە گوندی قلیاسان نزیک سەرچنار لەدایک بووە...لە بنەماڵە و نەوەی مەلا عارفی چنگیانە، دایکی ناوی فاتمە فەرج قادرە خەڵکی گوندی (گەڕەدێ)ە.. خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی شێخ سەلام، لە ناوەڕاستی شەست و سەرەتای حەفتاکان تەواو کردووە. ناوەندی لە ناوەندی سلێمانی لە چوارباخ لە ناوەڕاستی حەفتاکان تەواو کردووە، دووساڵی ئامادەیی لە ئامادەیی ڕۆشنبیر و دواتر لە ئامادەیی سلێمانی تەواو کردووە، بۆخوێندنی باڵا لەکەرکوک پەیمانگای ئیدارەی لەسەرەتای هەشتاکان تەواو کردووە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣دا چۆتە شاخ و بووە بە پێشمەرگە..لە ١٩٩٤دا هاوسەگیری کردووە.

لە ١٩٩٩ کوردستانی بەجێهێشتووە لە ستۆکهۆڵم گیرساوەتەوە، باوکی سێ منداڵە....

















تـاراوگـە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە،
بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە

TARAWGA
E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807